# پرسی فەیلییەکان
# زمان، ناسنامە، کولتوور

**فەرەیدوون سامان**

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن و لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، یەکەم گرووپی ئیتنیکی کوردیشن لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی عەرەبی ئێراقەوە دووچاری ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی هاتوون، سەرچاوە زمانناسییەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە لە ڕووی زمانەوە فەیلییەکان لە بنەڕەتدا سەر بە بن دیالێکتی "کەڵهوڕ"ن کە دیالێکتێکی کوردییە (دیالێکتی کوردی باشوور)، وەک زاراوەگەلی "لەک، لوڕ، کرمانج، گۆران- زازاکی" کە پێکڕا نەتەوەی کورد پێکدەهێنن، بەڵام بە پشت بەستن بە پۆلێنکردنەکانی کتێبی مێژوویی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی، زاراوەی فەیلی بە کۆمەڵێک هۆزی لوڕی دەگوترێت، ڕاستییەکەی سەرچاوە زمانناسییەکان پشتگیری لەو بۆچوونە ناکەن، بەڵکو فەیلییەکان لە کۆمەڵێک هۆزی کەڵهوڕ پێکدێن، بەڵام لە سەردەمانێکدا دەڤەرەکەیان لە ڕووی کارگێرییەوە بەشێک لە پارێزگەی لوڕستان بووە (توێژینەوە لەسەر دیالێکتە کوردییەکانی باشوور- دوکتۆر ئیسماعیل قوماندار).

فەیلییەکان زۆرینەیان نیشتەجێی کێوەکانی (پێشکۆ، پشتکۆ)ی زنجیرە چیای زاگرۆس، هاوکات زۆرینەی مێژوونووسانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە فەیلییەکان لە ڕەچەڵەکی (ئیلامی)، یان (گۆتییەکان)ن کە لە ناوەڕاست و باشووری ئێراق لە ناوچەکانی (مەندەلی، زرباتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکووک، بەغدا، کووت، عەمارە و بەسرە) ژیاون، لەلایەن چەند کەسانێکی ڕۆژهەڵاتناسی وەک ڤلادیمێر مینۆرسکی و جۆن ماڵکۆن، هەروەها توێژەری ناسراوی کوردی فەیلی د. ئیسماعیل قوماندار پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کە بڕوایان وایە سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی فەیلی لە سەدەی شازدە بووە، ئێستاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردێن کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتی ئێراق کەوتوون، لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەکانیان بەشێکیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لە دەڤەرەکانی (لوڕستان و کرماشان و ئیلام)ی سەر بە ئێران دەژین و بەشێکی دیکەش لە باشووری کوردستان لە ئێراق لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەن.

کوردی فەیلی موسڵمانن و بە ئایینزا شیعەن، بە زۆری لە بەغدا و پارێزگای دیالە دەژین، بۆ جوێکردنەوەی میرنشینی "لوڕی بچووک" و حوکمڕانییەکەی، کە خۆیان بە لوڕی ڕەسەن دادەنا، بە بەراورد بە "لوڕی گەورە" کە وایان دادەنا "لوڕی بچووک" بەشێکن لە"لوڕی گەورە" نەک ڕەسەن و بنچینە، " جۆن ماڵکۆن و براون" هەروەها "د. ئیسماعیل قوماندار" ی توێژەری کوردی فەیلی پشتگیری بۆچوونەکەی "ڤلادیمیر مینۆرسکی" دەکەن و پشت ڕاستی دەکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەم زاراوەیە لەو ناوچانە بە دەگمەن بەکارهاتووە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەم تەنیا لەلایەن دانیشتوانی "پشتکۆ"وە بەکارهاتووە، لە سەردەمی ئێستاشدا ئەم زاراوەیە تەنێ بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهێنرێت، کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە لەناو سنووری دەوڵەتی ئێراقن. لەدوای دیاریکردنی سنووری نێوان "ئێرانی قاجاری و عوسمانییەکان" لە ساڵی ١٩٠٥، بەڵام دانیشتوانی "خانەقین و مەندەلی" کە کوردی گەرمەسێرن، ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو زاراوەی کوردی فەیلی بۆ ئەو توێژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕووی ئایینییەوە سەر بە ڕێبازی ئایینزای شیعەن، واتە ناولێنانەکە لەسەر بنەمای مەزهەبییە، نەک نەتەوەیی.

## ناسنامەی نەتەوەیی فەیلییەکان

بە بۆچوونی د. ئیسماعیل قوماندار لە کتێبی (توێژینەوەی زاراوە کوردییەکانی باشوور) دەڵێت: کوردانی فەیلی هەزاران ساڵە لەو ناوچانەی کە تا ئێستا نیشتەجێن و دەژین جێگیرن، دەکەوێتە هەردوو دیوی باشووری کوردستان و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری نێوان دەوڵەتی ئێراق و ئێران، لە خانەقین لە باکوورەوە تا عەلی غەربی لە باشووری ئێراق، لە ئیلام، کرمانشان و لوڕستان و شوێنی دیکە لە وڵاتی ئێران نیشتەجێن، کوردانی فەیلی بە ژمارەیەکی بەرچاوی زۆرەوە لە هەردوو شارە گەورەکانی وەک بەغدا و تاران دەژین و نیشتەجێن، بەڵام هێشتا بە فەرمی هیچ ئامارێکی متمانە پێکراو بۆ ژمارەی فەیلییەکان نەکراوە، بەڵام بە گشتی بۆ زیاتر لە سێ ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن، ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی کوردستان دەکەوێتە پشت خانەقینەوە و لە نێوان خانەقین تا دواسنووری خاکی باشووری کوردستان سەدان گوند و چەندان ناحیە و دوو قەزای تری کوردستان هەن، کە ئەوانەش قەزای مەندەلی، لەگەڵ دوو ناحیەی بەلەدرووز و قەزانییە و ٢٣٤ گوند کە ڕووبەرەکەیان ٦٥٨٦ کم دووجایە. قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان و زوڕباتییە، لەگەڵ ٥٣ گوند کە ڕووبەرەکەیان ٣٦٥٠ کم دووجایە، جگە لەو ناوچانەش شارۆچکەی عەزیزییە و ناوچەکانی عەلی غەربی و عەلی شەرقی و قەزای (حەی)یش ناوچەی کوردنشینن.



مینۆرسکی

ئەوانە هەموویان دەکەونە سنووری پارێزگای واست لە ناوەڕاستی ئێراق، ئەمە جگە لە شاری کووت، کە ناوەندی پارێزگاکەیە و کوردانی فەیلی بەشێکی زۆری دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، قەزای بەدرە و ناحییەکانی جەسان و زرباتییە لە پارێزگای کووت (واست)، لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوون و لە نێوان ئێران و ئێراقدا دەروازەی سنوورییان هەیە، بەدرە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری (کووت)ی ناوەندی پارێزگای واست و ٧٠کم لە شاری (کووت)ەوە دوورە، ٤٥کم لە شاری مەندەلی و ٧٥کم لە شاری (خانەقین)ەوە دوورە. ناحیەی (جەسان)یش دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری بەدرە و ١٥کم لەو شارەوە دوورە، ناحیەی زرباتییەش دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری بەدرە و ١٨کم لەو شارەوە دوورە. لەساڵی ١٩٤٧دا ژمارەی دانیشتووانی قەزای بەدرە نزیکەی ٢٢ هەزار کەس بووە. سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانی ئێستای قەزاکە، ئامارێکی ورد و فەرمی لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان، ژمارەی دانیشتووانی بەدرە لەگەڵ هەردوو ناحیەی جەسان و زڕباتییە لە نێوان ٣٠ - ٤٠ هەزار کەس مەزەندە دەکرێت. کوردانی بەدرە و جەسان و زرباتییە بە شێوەزاری کوردیی کەڵهوڕی- فەیلی قسە دەکەن. هاوشێوەی کوردانی فەیلیی ناوچەکانی خانەقین و

مەندەلی، کوردانی خەڵکی شارەکانی بەدرە و جەسان و زرباتییەش، لە سەردەمی ڕژێمی بەعس کۆچی زۆرەملێیان پێ کرا بۆ بەغدا و ناوچەکانی تری ناوەڕاست و خوارووی ئێراق و شارەکەیان تەعریب کرا. سەبارەت بە ناوی بەدرە، کە کوردانی خەڵکی شارەکە بە کوردی پێی دەڵێن (بەیرە)، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە بەدرە لە (بەد+راهـ)ـەوە هاتووە ، کە مانای ڕێگای سەخت و دژوارە. بەدرە خاکێکی پڕ پیت و بەرەکەتی هەیە و ژمارەیەکی زۆر باخی خورما و میوەی لێیە. ڕووباری (گەلاڵ) کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و بە شاری بەدرەدا دەگوزەرێت، سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی شارەکە و باخەکانیەتی، سەرەڕای بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەدرە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، کە یەدەگی نەوتەکەی بە ١٠٩ ملیۆن بەرمیل مەزەندە دەکرێت و نەوتەکەی نەوتی خاوی O٣٥API=ـە، ڕووبەری کێڵگەی نەوتی بەدرە ٩٦کم دووجایە، لەپاش پرۆسەی ئازادیی ئێراق، پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی بەدرە بەشێوەی فەرمی لە ٢٠١٤/٨/٢٦ لەلایەن کۆمپانیای گازپروومی ڕووسییەوە، بە بەرهەمهێنانی ١٥٠٠٠-١٧٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەستی پێ کرد.

**فەیلییەکان لە مێژووی کۆن و نوێدا**

سەرچاوە و کتێبە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە کوردانی فەیلی بەشدارییان لە دروستکردنی شاری بەغدادا کردووە، لە ساڵی ٧٦٢ ی زایینی و لە سەردەمی خەلیفەی عەباسی (ئەبوو جەعفەری مەنسوور)دا، فەیلییەکان بە سەرۆکایەتی (زولفەقار موێلی) لە نێوان ساڵانی (١٦٢٣ تا ١٣٢٩)ی زایینیدا لە کەرکووکەوە تا بەسرە حوکمی ئێراقیان کردووە، بەڵام لە ئەنجامی ڕێکەوتنێکی نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی حوکمیان لە کوردەکان سەندووەتەوە و بە سەریاندا زاڵ بوون.

سەرەتای کێشەی فەیلییەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق دوای یەکەمین جەنگی جیهانی دەست پێ دەکات، کە بە پێی ڕێکەوتنی سایکس پیکۆ دەستی پێ کرد، لە یەکەمین بڕیاری یاساییدا بۆ هاووڵاتیانی ئێراقی «یاسای ژمارە ٤٢ ی ساڵی ١٩٢٤» بەوەی کە ئێراقییەکانی سەر بە تەبەعییەی عوسمانی (هاووڵاتی پلە یەک) و تەبەعییەی ئێرانی بە (هاووڵاتیانی پلە دوو و سێ) سەپاند و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێراق کوردی فەیلییان خستە خانەی تەبەعییەی ئێرانییەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کوردی فەیلی بە پلە دووی هاووڵاتیانی ئێراقی دەژمێرران، بەڵام لە دامەزراندنی ئابووری دەوڵەتی ئێراقەوە لە ڕووی خاوەندارێتی تایبەتدا بەشدارییان کرد، بۆیە دەڵێین لە ڕێگای خاوەندارێتی تایبەت، چونکە دەرگای دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا بە سەریاندا داخراو و ڕەوا نەبوو، لە ڕووی سیاسیشەوە بەشدارییەکی چالاکانەی جموجووڵی بزووتنەوەی دیموکراسی ئێراقی و کوردستانی بوون.

فەیلییەکان لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا توانییان دەست بەسەر کەرتی تایبەتی بازرگانی لە بەغدای پایتەخت بگرن و لەو ڕووەوە لە جموجووڵ و کاری بازرگانیدا سەرکەوتوو بوون، بەشداری فەیلییەکان لە ژیانی سیاسی ئێراق و لەنێو ڕیزەکانی هێزە دیموکراسی و پێشکەوتووخوازەکانی ئێراقیدا بەرچاو و ئەکتیڤانە بووە، تا ئەو ئاستەی پۆستی بەرپرسایەتی باڵا لە ڕیزەکانی ئەو بزووتنەوانە وەرگرن، لەهەمان کاتدا بەشداریکردنی کوردانی فەیلی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لەسەرەتای دامەزراندنییەوە بۆ نموونە تا پێش ئاداری ساڵی ١٩٧٥ سەرۆکەکانی یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی قوتابیان، یەکێتی لاوان و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیشی لە کوردانی فەیلی بوون، هەروەها لە ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئێراقی و دامەزراندنی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)یشدا ڕۆڵی کارایان گێڕاوە.

فەیلییەکان بە گشتی بە دەستئاوەڵایی پشتگیریی ئابووری، سیاسی، لۆجستیکی و خزمەتکردنی سەربازیی ئێراقیان کرد و لە ڕووی سیاسی و بەشداری چەکداری لە ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، هەروەها لە بەشداری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خزمەتی ئەکادیمی، پزیشکی و ئەندازیاری بیناسازی لەو وڵاتەدا کردووە، بە هۆی ڕۆڵی دیار و بەرچاوی کوردی فەیلی لە ژیانی ئابووریدا (بازرگانی کەرتی تایبەت) و کایەی سیاسی لەنێو ڕیزەکانی بەرهەڵستکاریی ئێراقی و کوردستانیدا لە بەرانبەر سەرنەکەوتنی بەعس لە بەدەستهێنانی پشتگیری فەیلییەکان بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بەعسییەکان، بۆیە

فـەیلییـەکـان بوونەتە ئامانجی زەبروەشاندن و لێدانیـان لەلایەن دەسـەڵاتی بەعس لە ئێـراق کـە دەوڵەتی ئێـراق دەسـتی بە ڕاگـواسـتنی زۆرەملێی پەنجـا هەزار ڕۆڵەی کوردی فەیلی کرد لەنێوان ساڵانی ١٩٦٩ - ١٩٧٣ بۆ ئێران.

لەساڵی ١٩٢٤ یاسای ڕەگەزنامەی ئێراقی جەختی لەسەر دابەشکردنی گەلی ئێراق کرد، بۆ سێ بەش لە سەر بنەمـای "ئایین و نەتەوە"، کـوردی فـەیلی لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوکـەرانی مـەزهەبی "شـیـعـە"ی جەعـفـەری بوون، بۆیەش بە ڕەچەڵەکی "ئێرانی" ناونووس کران، ئیدی بە بەردەوامی کەوتنە بەردەم هێرش و پەلامار و شاڵاوەکانی فەرمانڕەوایانی ئێراق، چ بە کوشتن و زیندانی کردن، یان بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە ئێراق.

ئەم کـوردانە لەلایەن دەوڵەتی ئێـراقـەوە کـە بەعس فـەرمـانڕەوایی دەکـرد لە سـاڵی ١٩٦٣وە بە هەمـوو شێوەیەک ڕووبەڕووی کۆمـەڵکوژی و پاکتـاوی ڕەگـەزی بوونەتەوە، بەڵام بە دروستی لە سەرەتای حەفتـاکـانەوە شاڵاوی کۆمـەڵکوژی فەیلییـەکان دەستی پێ کرد، کە سـەرەتا ٤٠ هەزار خـێـزانی کـوردی فـەیلی بۆ ئێـران ڕاگــوێزران، لە ســاڵی ١٩٨٠ بە پێی بڕیاری ژمـــارە (٦٦٦) وەزیری ناوخۆی ئێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانی دا، لە فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی ئێــراقــدا هاتووە، ئەو ئێــرانیــیــانەی لە وڵاتدان و ڕەگـەزنامـەی ئێـراقـیـیـان نییـە، هەروەها ئەوانەش کە مـــامـــەڵەیان کـــردووە و بڕیاریان لە بارەوە دەرنەچووە دەردەکـرێن، لە هەمـان کـاتدا بڕیارەکـەی حکوومـەتی ئێـراقی ئەوەشی تێدا بوو کـە لاوانی کـوردی فـەیلی لە تەمـەنی ١٨ تا ٢٨ سـاڵ، بگیـرێن و لەبەندیخـانەی پارێزگـاکـاندا تا مـاوەیەکی نادیار دەسـتبـەسـەر بکرێن. هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخـۆی حکوومـەتی ئێـراق ئەوەشی دووپات کـردووەتەوە، کـە هەر کـەسـێک لەو کـوردانەی ئاودیوی ئێـران دەکـرێن، ئەگـەر هەوڵـیـان دا بگەڕێنەوە تەقـەیان لێ بکرێت، واتە بکوژرێن، ئەمـەش لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا بە ڕوونی هاتووە.

لە ڕۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لە ڕۆژنامـــەی (الثـــورة)ی زمانحاڵی حزبی بەعسی ئێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کـــوردە فـــەیلیـــیـــەکـــانەوە دەڵێت، ئەم توێژە لە ئێـــراق ڕیشەکێش بکەن، تا خاک و خوێن و هەوای ئێراق پیس نەکەن.

بەپێی زانیـــارییـــە بەردەســـتکەوتووەکـــان پێش ســـاڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە دووسەد هەزار دانیشتوانی ئێراق ئاوارە، یان بەرەو ئێران ڕاوەدوو نراون، کە ٦٥٪ کە ئەو ژمارەیە لە کـوردی فـەیلی بوون و تا ئێـسـتـاش زۆریان لەو وڵاتە مـــاونەتەوە، ئەمـــە جگە لەوەی لە مـــاوەی دەســـەڵاتی بەعسییەکان بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لە سێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون.

## فەیلییەکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێراق و کوردستاندا

لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ فەیلییەکان وەک دەسپێکی هۆشیـاربوونەوەی هەستی نەتەوەیی لە نێو یەکەم وەچەی کـوردە سکۆلار و شـارنشـینەکـانەدا، هەندێکان بەگـەڵ پارتی کۆمۆنیستی ئێراق کەوتن، خەڵکی دیکەش چوونە ناو ڕیزەکانی گرووپێکی لیبراڵی ئێراقی ڕێفۆرمیست، وروژاندنی پانعــــەرەبایەتی بە نۆرەخـــۆی بووە هۆی گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی کورد کاتێک کە لە ساڵی ١٩٣٧دا چاپەمەنییە عەرەبییەکان کوردەکانیان تاوانبار دەکـرد بە پشـتـیـوانی کـردن لە تورکـەکـان بۆ وەدەست خستنی ئەسکەندروونە لە سووریا.

هەندێک لە ڕووناکبیرانی کورد بانگەشەیان دەکرد کە هۆی کێشەی نێوان کورد و عەرەب لەبەر گرژی لە نێوان کۆمەڵگەکاندا نییە، بەڵکو لەبەر زۆرداریی حکوومـەتە دژی کۆمەڵگەکان، ئەوجا هەر کامێکیان بووبن.

شـەڕ لە دژی ناسـیـۆنالـیـزمی کـوێرانە کـە هیچ ڕێزی ئەوانی دی نەدەگـرت و لە دژی ئەوە بوون هەر گـەلەی چارەنـووسی خــــۆی بەدەست بێنێت بۆ بەڕێوەبـردنی کـاروبارەکـانی، لە ئەنجامی ئەوەدا دەرکـەوت نەوەی نوێی گـەنجـە کـوردە پرۆفـیـشـناڵەکـان کـە هیـوایان ئەوە بوو ئاستێک لە سـەربەخۆییـان هەبێ، خەریک بوو سەری هەڵدەهێنا و پەیدا دەبوو.

زۆر گرووپ دروست بوون بۆ نموونە (کۆمەڵە، برایەتی، ئازادی، هیـوا) و... تاد. کوردە فـەیلییـەکان بەگـەڵ ئەو گـرووپانە کـەوتن و زۆر لەوان لەهاو دامـەزرێنەرانی ئەو گرووپانە بوون و ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد خەریک بوو خـــۆی دادەکـــوتا، لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردستـان دامەزرا، لێرەشدا فەیلییەکـان لە هاودامەزرێنەرانی بوون.

کوردە فەیلییەکان پشتیوانی خۆیان لە "پێشمەرگە" و شۆڕش کـەمتـر نەکردەوە چ لە ڕووی مـاددی و چ وەکی دیکە، بۆ نموونە: یەکـەم ئامـراز و کـەرەسـتـەی ڕادیۆ بۆ شۆڕش لەلایەن ئەندامی کۆمیـتـەی ناوەندی (پ.د.ک) عـەبدولحوسـێنی فـەیلی کـرا و بە نـهـێنی بە ڕێگای کۆمپانیای ترانسپۆرتەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان لە شاخ گوێزرایەوە.

لە سـالّی ١٩٧٠ و لە سـالّی ١٩٨٠ دەرکـردنی بە کۆمەلّی زیاتر لە ملیۆنێک کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕووی دا، حیـسـابی بانکی و مـولّکەکـانیـان زەوت کـران، بە هەزاران گـەنجی خـوێندەواری فـەیلی شـوێن بزرکـران و کـوژران، لە سالّی ١٩٧٣ و لەبەر بۆچوون سەبارەت بە جـینایەتەکـانی ڕژێمی بەعس دژ بە فـەیلیـیـەکـان و چاوەڕوانی ئەوەی کـە دوژمنکاری لە نێـوان هەر دوولادا پێشی ناگیرێ و هیچی لەگەلّ ناکرێ، لە مانگی مارسی ١٩٧٥ هەزاران پیـر و لاوی فـەیلی کچ و ژن و پیـاو بەگەلّ بزووتنەوەی کورد کەوتن، چ وەک پێشمەرگە، یان لە بواری دیکەدا، زۆر لەوان لە بەر ئازایەتی خـۆیان و ئەوانی دی لەبەر دلّپـاکی، لێـوەشـاوەیی بەڕێوەبردن و فیداکارییەکـانیـان میـدالّی شانازییان وەرگرتووە. لەو سالّەدا ڕێژیمی فاشیزمی بەعس هێرشی کردە سەر هێزی پێشـمـەرگە، بە تایبـەتی هێـرشی خـەست بۆ سـەر ناوچە مەدەنییەکان، تەنانەت نەخۆشخانەکانیشیان نەبوارد.

## ئێراق و نەهامەتی کوردە فەیلییەکان

کـێشـەی کـوردە فـەیلیـیـەکـان وەک کـێشـەی عـەرەبە شیعـەکان پەیوەستـە بەو ململانێ سیاسییـانەی نێوان دەولّەتی تورکی عـوسـمـانی و سـەفـەوی ئێـرانی، کـە ڕێخۆشکەربوون بۆ دابەشکردنی دانیشتوانی ناوچەکە لە نێوان دوو دەولّەتی داگیرکەر. زۆر لە شیعەکانی ئێراقی بە دووکـەوتەی ئێـرانی ناونووس کـران، کـە کـوردە فـەیلیـیـەکـان بەشـێک بوون لەوان و لە سـەرەتای دامەزراندنی دەولّەتی ئێراقییەوە ڕووبەڕووی جیاکردنەوە بوونەتەوە، لەگـەلّ توێژ و چینەکـانی تری کـۆمـەلّگای ئێراقی، لە سالّی (١٩٢٤) یاسای ڕەگەزنامەی ئێراقی جەختی لە دابەشکردنی گەلی ئێراق کردەوە بۆ سێ بەش لەسـەر بنەمـای ئایین و نەتەوە. لەبەر ئەوەی کـوردە فەیلییەکان سەر بە ئایینزای شیعە بوون بە ڕەچەلّەکی ئێرانی ناونووس کران، بۆیە هەمیـشە کـەوتوونەتە بەر هێـرشی دەسـەلاّتدارانی ئێـراق، لەدوای هاتنی ڕژێمی بەعس بۆ سـەر دەسـتـەلاّت و دەست بەسـەرداگـرتنی، لە سـالّی (١٩٦٨)ـەوە کـوردە فـەیلیـیـەکـان ڕووبەڕووی شـالاّوی توندی ڕاگـواسـتن و لەناوبردن بوونەتەوە . لە سـەرەتای سـالاّنی (١٩٧٠)ڕژێمی بەعـسی پێـشـوو نزیکەی چل هەزار کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگواستەوە ، بەو بیـانووەی کە ڕەچەلّەکـیان ئێـرانییە، بە درێژایی ئەم سیـاسـەتە بەرانبـەر بە کـوردە فـەیلیـیـەکـان، لەسـالّی (١٩٨٠) بەپێی بڕیاری (٦٦٦) مافی هاوولاّتیبوونیان لێ سـەنرایەوە، ئەوجـا دەست بەسـەر مـالّ و مـولّک و سامانەکانیاندا گیرا، هێرشی زۆر توند و دڕندانە دەکرایە سـەر کـوردە فـەیلیـیـەکـان ئەویش بە زەوتکردنی ژن و کوشتنی پیاو و منداڵەکانیان، کە لە مێژوودا ئەمە کەم وێنەبووە. لە مـیـانەی چەوسـانەوە و توندوتیـژی، لە سـەردەمی سـەرۆکی پێـشـووی ئێـراق سـەدام حـسـێن بڕیـارێکی نوێ هاتە کـایەوە ، کـە بڕیار درا ئەو پیـاوەی ئێراقییـە و ژنەکەی فەیلییـە دەبێت لێی جیا ببێتەوە، بەرانبـەر بە چوار هەزار دینار ئەگـەر سـەرباز بێت و دوو هەزار و پێنج سـەد دینار (بە دراوی پێـشـووی ئێـراق) ئەگەر سڤیل بێت، بەپێی ئامارەکـانی (خاچی سوور) و (مانگی سوور)ی نێودەولّەتی، چوارسەد هەزار هاوولاّتی فەیلی بوونەتە قوربانی ڕژێمی پێشووی ئێراق، بە کوژران و ڕاگواستنەوە.

ئەنجـوومـەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس کە گەورەترین دەسەلاّتی بەعسییەکانی ئەو سەردەمەی ئێراق بوو، بڕیارێکی دەرکرد بە (ژمارە ٦٦٦ی ڕێکەوتی ٧ی ئایاری ١٩٨٠) و لە ڕۆژنامـەی ڕووداوەکـانی ئێـراق (الوقـائع العـراقـیـة) ی (ژمارە ٢٧٧٦ ی ڕۆژی ٦٢ی ئایاری ١٩٨٠) دا بلاّوکـرایەوە و کـورتەی بڕیارەکـەش ئەمە بوو:

هەر هاوولاّتیـیـەکی ئێـراقی بە ڕەسـەن بێگانە بێت، ڕەگـەزنامـەی ئێـراقی لێ دەسـێنرێتـەوە، دەبێت وەزیری ناوخۆ فەرمان بدات ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئێراقییـان لێ دەسێنرێتەوە بەپێی بڕگەی یەک دوور بخرێنەوە... تاد.

هێـرشی بە زۆرەملێ گـواستنەوەی کـوردانی فـەیلی لە (٤ی نیـســـــانی ١٩٨٠)دا، ســـەرەتا لە بازرگـــانە گەورەکانەوە دەستی پێ کرد و تا سالّی ١٩٩٠ بەردەوام بوو، دوای ئەوەی ڕەگەزنامەی ئێراقییان لێ سەنرایەوە و دەسـتـیـان بە سـەر هەرچی مـالّ و مـولّکی ڕاگـوێزراو و

ڕانەگوێزراوەکانیشدا گرت و گشت سەنەد و دوکیۆمێنت و بەڵگەنامە فەرمی و نافەرمییەکانیشیان لێ زەوتکردن، بە پێی وتەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئێراقی فیدراڵ نووری مالیکی کە لە میانەی کۆنگرەیەکی کوردە فەیلییەکاندا کە لە بەغدا بەسترا پێشکەشی کرد دانی پێدا نا کە حکومەتی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی لە تەمەنی نێوان ١١ تا ٣٠ ساڵی دەستبەسەر کرد و بێ سەروشوێنیان کردن، کە ژمارەیان لە بیست هەزار کەس زیاتربووە.

بە پێی تەئکیدکردنی داواکاری گشتی لە کەیسی بە زۆرڕاگواستن و کوشتنی کوردە فەیلییەکان، عەبدولقادر حەمدانی و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان لە ڕۆژنامەی شەفەق نیوزدا لە ڕێکەوتی ٤ - ٨ / ٢٠١٢ بە گوێرەی ئەو بڕیارە (٦٠٠٠٠٠) شەشسەد هەزار کوردی فەیلی لە هەموو لایەکی ئێراقەوە ڕاکێشرانە سەنتەرەکانی کۆکردنەوە و یەکسەر ڕاگوێزرانە سەر سنوورەکانی ئێران.

خەڵکانی کوردی فەیلی ئەوانەی کە ڕاگوێزران، هەموویان لەسەر کار، جێگای کار، قوتابخانە و یەکە سەربازییەکانیان لابران، لێرەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەوەی بە گوێرەی بنەماکانی بنکەی سەرژمێری، کۆی ژمارەی کوردی فەیلی بەزۆر ڕاگوێزراو ملیۆنێک و شەشسەد هەزار کەس دەبێت، لەسەر بنەمای ئەوەی ڕێژەی زیاد بوونی دانیشتووان - باری کەسێتی لە ئێراقدا لە ٨,٢٪ یە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی ئێراقیش لە ساڵی (٢٠٠٦) یاسای ڕەگەزنامەی ئێراقی، بڕیاری (٦٦٦)ی ساڵی (١٩٨٠)ی پووچەڵ کردەوە، لەو میانەدا کۆمەڵێک لە کوردە فەیلییەکان توانییان مافەکانیان بەدەست بهێننەوە، پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، کوردانی فەیلی تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، نەیانتوانی بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و موڵک و ناوچەکانیان، بۆ ئەوەی ماف و بەڵگەنامە و ماڵ و موڵکیان بۆ بگەڕێتەوە، تا ئێستایش حکومەتی ئێراق هیچ زانیاری و ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی چارەنووسی ونبوو و دەستبەسەرەکانی پێشکەش نەکردووە کە بە چ شێوەیەک ڕژێمی بەعس لە ناوی بردوون و ئێسکوپرووسکیان کەوتووەتە کوێ؟.

بەداخەوە دوای ساڵی ٢٠١٣ فەیلییەکان دیسان ڕووبەڕووی کارەساتی نامرۆڤانەی تازە بوونەوە، ئەم جارەیان لەسەر دەستی چەتەکانی بەعس و سەلەفی و بەکرێگیراوانی تر و دواتر بەدەستی چەتەکانی داعشەوە بەتایبەت لە دیالە (خانەقین، مەندەلی، شارەبان، سەعدییە و جەلەولا) و بەغدا و مەدائن (سەلمان پاک) و چەند شوێنێکی تر.

کوردی فەیلی لە ئێراق داوای چارەسەرییەکی ڕیشەیی کێشەکانیان دەکەن و داوا و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان پێویستی بە جێبەجێکردنە، لە دوای ڕووخانی بەعس تا ئێستا چاوەڕوانی درێژەی کێشا و ئەو ڕەوشەی ئێستا لە ئێراقدا هەیە تروسکەی ڕووناکی بۆ وەرگرتنی مافەکانی کوردی فەیلی لێ بەدی ناکرێت و بێ هیوان لێی، مەگەر بزووتنەوەیەکی جیددی و دڵسۆزانە بۆ کەیسەکە کار بکات.

داخوازییە سەرەکییەکانی کوردی فەیلی لە ئەنجامنامەی یەکەم کۆنفرانسی جیهانیی کوردی فەیلی کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلژیک لە ٢ ی ئایاری ٢٠١٦ دا بەسترا ڕاگەیەنرا. هەندێک لەو داواکارییانە پەیوەستن بە ئەو بەسەرهاتانەی کە لە ڕابوردوودا بەسەر کوردی فەیلی هاتوون و لە بەندەکانی ١ - ٨ لە داواکارییەکان پێویستیان بە وەڵامدانەوەی حکومەتی ئێراقی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان هەیە، بە تایبەت کە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە ڕێکەوتی ٢٩ - ١١ - ٢٠١١دا بڕیارێکی دەرکرد کە بەسەرهاتی کوردانی فەیلی بە کۆمەڵکوژی - جینۆساید ئەژمار کرد، هەروەها پەرلەمانی ئێراقیش بڕیارێکی لە ٨-١-٢٠١١ دا دەرکرد ئەو تاوانانەی کە بەسەر کوردە فەیلییەکان هێنران بە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەژمار دەکات، دیسان ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراق بە بڕیاری ژمارە ٤٢٦ی ٩ - ١٢- ٢٠١٠ هەموو ئاسەوارێکی نێگەتیڤی لەسەر کوردی فەیلی لابرد، لێرەدا داواکاریش هەیە کە بەستراوە بە داهاتووی کوردی فەیلییەوە لە ئێراق، خاڵی ٩و ١١ و ١٣ و ١٤ بە تایبەتی خاڵی ٩ کە گرنگە و لەوانەیە ببێتە مەسەلەیەکی چارەنووسساز بۆ داهاتوویەکی دوور.

لێرەدا پێداگرییەکی زۆر جیددی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم داوایانە بکرێنە هەنگاوی پراکتیکی و بەرەو جێبەجێکردن و بەردەوامی بەدواداچوون بە هەوڵ و تێکۆشانی کوردانی فەیلی خۆیان و بە پشتگیری خوشک و برا کورد و کوردستانییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە باشوور و ئێراق، هەروەها

پشتگیری لەلایەن ئێراقییەکان کە لە سەر کەیسی کوردی فەیلی تێگەیشتوون و پشتگیری داواکانیان دەکەن.

زۆرینەی کوردانی فەیلی بە سازدانی کۆنفرانسی یەکەمی نێونەتەوەیی لەسەر دۆزەکەیان لە برۆکسل خۆشحاڵ بوون، ئەوەی لە ڕۆژی ٢ ی ئایاری ٢٠١٦ بەڕێوە چوو بە دڵخۆشییەوە پشتگیرییان لە ئەنجامنامەکەی کرد و ئومێد و چاوەڕوانییەکی گەورەیان لێی هەیە و داوای جێبەجێکردن و بەدواداچوونی داواکارییەکان دەکەن، دەمانەوێ پشتڕاستی بکەینەوە کە هەر پێشکەوتنێک لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بەسەر کەیسی فەیلییەکاندا بێت کاریگەری ڕاستەوخۆ و ئەرێنی لەسەر باری دەروونی و ژیانی کوردی فەیلی لە ئێراق و پەنابەر و ڕاگوێزەکانی ئێران و هەموو ئەوانەیش دەبێت کە لە وڵاتانی جیهاندا ژیان بەسەردەبەن.

لە خاڵی دوازدەمینی ئەنجامنامەی کۆنفرانسدا هاتووە کە بەردەوامی لە کار و هاوکاری لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر لەگەڵ کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – ک ن ک دا، سیمینار و کۆنفرانس لە وڵاتانی ئەوروپا لەسەر کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی ساڵانەی کار و خەباتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان.

## کوردانی فەیلی لە ئێراقی نوێدا

لەم ماوەیەی دواییەدا، دوای ڕووخانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس، کوردانی فەیلی هەموو هەوڵەکانی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقدا بە لایەنی کەمەوە ٣ کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەکەیان لە هەر سێ پارێزگای دیالە و بەغدا و کووت (واست) دیاری بکرێت، بەڵام پاش هەوڵێکی زۆری فەیلییەکان بۆ ئەو مەبەستە، لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە سیاسییە ئێراقییەکان و فراکسیۆنە کوردستانییەکانەوە، سەرەنجام ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٢ی ١ی ٢٠١٨دا، بڕیاری دا کورسییەکی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی لە پارێزگای واست دیاری بکرێت و بە نوێنەرێک بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی ئێراق بکەن.

لایەنە سیاسییەکانی ئێراق و بە تایبەتی هێزە شیعەکانی نێو پەرلەمانی ئێراق، ڕازی نەبوون بەوەی لە بەغدا و دیالە کورسیی کۆتا بۆ کوردانی فەیلی دیاری بکرێت، بەڵام لە کووت لەو بارەیەوە ڕەزامەندییان دەربڕی، لەکاتێکدا کە ژمارەی کوردانی فەیلی لە بەغدا و دیالە، زیاترە لە پارێزگای کووت (واست)، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان دەزانن بەپێی واقیعی سیاسی و جیۆگرافی و دیمۆگرافی، لە پارێزگای کووت کە پارت و لایەنە سیاسییە شیعەکان تێیدا باڵادەستن، چانسیان زۆرترە بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی ئەو کورسییە کۆتایەی کوردی فەیلی، بەڵام لە بەغدا و دیالە، ئەگەری زۆر هەبوو کە پارت و لایەنە کوردستانییەکان ئەو کورسییە کۆتایانەی کوردی فەیلی بەدەست بهێنن، بۆیە بەوە ڕازی نەبوون کە لە بەغدا و دیالە کۆتا بۆ کوردانی فەیلی دیاری بکرێت.

ئەگەر واقعبینانە تەماشای ئەو پرسە بکەین، نەک کورسییەک و دوو کورسی، تەنانەت ئەگەر ٥ کورسیش بۆ کوردانی فەیلی دیار بکرێت، نە هیچ لە واقیعی ئەم پێکهاتە ستەم لێ کراوە دەگۆڕێت و نە دەبێتە کارتێکی بەهێزیش بۆ پارت و لایەنە کوردستانییەکان، چونکە کێشەی کوردانی فەیلی زۆر لەوە گەورەترە کە بە چەند پەرلەمانتارێک لە پەرلەمانی ئێراق چارەسەر بکرێت. سەبارەت بە پارت و لایەنە کوردستانییەکانیش، هیچ لە هاوکێشەکان ناگۆڕێت، ئەگەر ٦٠ کورسیمان هەبێت، با ببێتە ٦١ کورسی، چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت؟ خۆ هەر عەرەب زۆرینەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاقە کورسییەی کە لە کووت بۆ کوردانی فەیلی دیاری کراوە، بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ کورد و هەرێمی کوردستان هەیە. ئەگەر بپرسن بۆ؟ دەڵێم بە لایەنی کەمەوە، دیاری کردنی کورسییەک بۆ کورد لە واست، خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکە بە وجودی کورد لەو ناوچەیە و شەرعیەتدانە بەوەی کە بەدرە و جەسان و زرباتیە ناوچەی کوردستانین و دواخاڵی سنووری باشووری کوردستانن.

لەگەڵ سەرەتای هاتنی تیرۆریستانی داعش بۆ ئێراق و پێکهاتنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە ساڵی ٢٠١٤دا، چەند هەواڵێکی بێ بنەما لە میدیاکانی ئێراقدا بڵاو کرانەوە، کە گوایە چەندان هەزار کوردی فەیلی لە بەغدا و ناوچەکانی تری ناوەڕاست و باشووری ئێراق و لەو ناوچە کوردستانییانەی کە کوردانی فەیلییان تێیدا نیشتەجێن، پێوەندییان بە ڕیزەکانی حەشدی

شەعبییەوە کردووە. زۆری پێ نەچوو کە هەمان هەواڵ، بوو بە مانشێتی سەرەکیی زۆربەی ئاژانس و ماڵپەڕە هەواڵدەرە کوردییەکان و میدیاکانی تریش دوو ئەوەندەی تر ئەو بابەتەیان وروژاند، بەبێ ئەوەی شرۆڤەی ناوەرۆکی هەواڵەکان بکرێت و لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکانیان بکۆڵرێتەوە.

دوای پرۆسەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستان کە لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بەڕێوە چوو و دەوڵەتی ئێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بە هاندانی وڵاتانی دراوسێ، بوونە هەڕەشە بۆ سەر کوردستانی باشوور و مخابن دواتر ئەو هێزە داگیرکارە دەڤەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان داگیرکردەوە کە نزیکەی ٥١ لە سەدی خاکی کوردستان بوون، بەشێکی زۆری ناوچە فەیلینشینەکانیشی گرتەوە، دیسان پرسی کوردانی فەیلی وەک ماددەیەکی میدیایی بە مەبەستی شەڕی سایکۆلۆژی لە دژی شەقامی کوردستانی و بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردن بۆ شەقامی ئێراقی بەکار دەهێنن و دەیانەوێت وای پیشان بدەن کە گوایە بەشێکی زۆری گەنجانی کوردی فەیلی پێوەندییان بە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە کردووە و ئەو گەنجە کوردانە ئامادەی بەشداریکردنن لە هەر شەڕ و پەلامارێک کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بکرێت.

ئەو لایەنانەی کە ئەو جۆرە لێدوانانە بۆ ماکینە میدیاییە زەبەللاحەکەی پارت و لایەنە سیاسییە شیعەکانی ئێراق دەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە چەندان هەزار چەکداری فەیلییان ناردووەتە ڕیزەکانی حەشدی شەعبییەوە، پروپاگەندەکانیان هیچ بنەمایەکی نییە. ئەوانەی کە بە ناوی کوردی فەیلییەوە بانگەشە بۆ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەکەن، چەند گرووپێکی بچووکی سەر بە پارتە ئیسلامییە شیعەکانن و لەلایەن ئەوانەوە دامەزراون و پاڵپشتی دەکرێن، ئامانجی سەرەکیشیان سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردانی فەیلییە و دەیانەوێت بە بیانووی تایەفەگەری و مەزهەبییەوە ئینتیمای نەتەوەییان کاڵ بکەنەوە.

## کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان

پاکتاوکردن و ڕاگواستن پێکرا کردەگەلێکی نامرۆڤانە و ناشارستانانە بوون کە بە درێژایی مێژووی ستەمکاری و دیکتاتۆری ڕوویان داوە و تا ئەورۆکە کاریگەرییە مەترسیدار و نامرۆییەکانیان لەسەر جەستەی کۆمەڵایەتی و شارستانی وەک خۆیان هەرماون.

یەکێک لەو کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنە هەرە نامرۆییانە و دڕندانەیەی مێژوو، کە تا ئەورۆکە ڕژد ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی کوردانی فەیلی بووە، ئەم شاڵاوە لەساڵانی شەستەکانەوە تا هەشتاکانی سەدەی پێشوو بەردەوام بوو کە زیاد لە ٦٠٠,٠٠٠ مرۆڤ بە زۆرەملێ لە ئێراقەوە بەرەو ئێران ڕاگوێزراون و هاوکات زیاد لە ٢٠,٠٠٠ گەنج بێ سەروشوێن کراون.

سەبارەت بە بەجیهانیکردنی دۆسییەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی شاڵاوی یەکەم لەدوای هاتنی ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٨ کێشە و گرفتی کوردە فەیلییەکان لەوێوە وەرچەرخانێکی ترسناکی بەخۆوە بینی، شاڵاوی دووەم ١٩٦٩ تا ١٩٧١ دەستی پێ کرد، بەپێی ئەو بەڵگانە نزیکەی ٥٠,٠٠٠ کوردی فەیلی بۆ ئێران ڕاگوێزران بە بیانووی ئەوەی کە ناسنامەی ئێراقییان نییە، بەڵام شاڵاوە گەورەکە ئەو کاتە بوو کە لە ١٩٨٠دا بەپێی بڕیاری ٦٦٦ کە لە باڵاترین دەسەڵات (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئێراق)ـەوە ئەو بڕیارە دەرچوو کە نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠ هەزار کوردی فەیلی لە ماوەی ١٠ ساڵدا بۆ ئێران ڕاگوێزران و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گیرا و نزیکەی ٢٠,٠٠٠ هەزار لاوی کوردی فەیلی بێ سەروشوێن کران، ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورە بوو..."

سازکردنی کۆنفرانسێکی ئەکادیمی لەگەڵ پەرلەمانی ئەوروپادا بۆ بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی کوردە فەیلییەکان، کۆنفرانسەکە دەسکەوتێکی زۆر گرنگ بوو تا بتوانرێت ئەو کەیسە جووڵەیەکی پێ بکرێت، چونکە ئەو کەیسە کە بە دەیان ساڵە تۆزی لەسەر نیشتبوو، بە ڕاستی کاری بۆ نەکراوە، توانرا جارێکی تر لاپەڕەیەکی تر لەم کەیسە لابرێت، ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێت زیاتر ئەم کەیسە بناسرێت، داوەکە ئەوەبوو بە پشتبەستن بە بڕیاری دادگای تاوانەکان لە ئێراق ئەوەی بەسەر کوردە فەیلییەکاندا هاتووە جینۆسایدە، داواکرا لە پەرلەمانی ئەوروپا لەهەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەوانیش دانی پێدا بنێن کە کوردە فەیلییەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕووبەڕووی کارەساتی جینۆساید بوونەتەوە.

جینۆسایدی فەیلییەکان لە باشووری کوردستان لە

لایەن دەسەڵاتدارانی ئێراقەوە چەندان وێستگەی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە. بەعس وەک حزبی فەرمانڕەوای ئێراق لە ساڵی ١٩٦٣ تا ٢٠٠٣ گەورەترین بەرپرسیاریەتی تاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کوردی لە ئەستۆیە. ئێستاش لەگەڵ پشتگیری فەیلییەکان لە گشتپرسی باشووری کوردستان، جارێکی دیکە کەوتوونەتەوە بەر هەڕەشەی میلیشیا شیعەکان و ڕووبەڕووی مەترسی جیددی بوونەتەوە.

٧ی مانگی نیسانی هەموو ساڵێک گەلی کورد بە تایبەتی بۆ کوردانی فەیلی یادی جینۆساید و ئەنفالکردنی ڕۆڵەکانیان دەکەنەوە، کوشتن و بڕین، ئەنفال، کۆمەڵکوژی و لەناوبردنی کورد و کوردستانییان لە ناو دەوڵەتی ئێراقدا و بەدەستی ڕژێمە داپلۆسێنەرەکانی داگیرکەری ئێراق، هەر لە دەستپێکی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە دەستی پێ کردووە و لە مافەکانیان بێ بەش کراون، لە بەرانبەریشیدا کورد بە هەموو چین و توێژ و ئایین و مەزهەبەکانییەوە خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو مافانەدا کردووە و قوربانی داوە، کوردە فەیلییەکانیش پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی ئەکتیڤ و کارای ئەو تێکۆشان و خەباتە مێژوویی و نەتەوەییەن، بۆیە بوونە یەکەمین قوربانیدەری لێکترازان و پارچە پارچەبوونی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان. کوردە فەیلییەکان بەهۆی شوێن و جوگرافیای نیشتەجێبوونیان کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئێراق و بە درێژایی سنووری دروستکراوی ئێراق و ئێران وەک خانەقین، مەندەلی، بەدرە و جەسان و زورباتییە...تاد و خودی شاری بەغدایش بڵاوبوونەتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشی هەرەزۆریان موسوڵمانی شیعە مەزهەبن. مێژووی دەستپێکردنی کێشە و ئەو کارەساتانەی کە دژ بە کوردە فەیلییەکان دەکرێ، بۆ ململانێی سیاسی دوورودرێژی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە دەورانی سەدەکانی ١٥ و ١٦ کاندا دەگەڕێتەوە. وەک توێژ لە نێوانی ئەو دوو دەوڵەتەدا لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕە خوێناوییەکانی ئەم ململانێیە بوون و بوونە قوربانی کێشمەکێشەکانیان. بە سەقامگیربوونی دەوڵەتی ئێراق و هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسی شۆڤێنیستی عەرەبی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا. بۆ یەکلاکردنەوەی حیساباتی لەمێژینە و ئاڵۆزکاوی ئایینی و نەتەوەیی خۆیان، بەتایبەتی عەرەب و فارس و بە عەرەبکردنی ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێراق، ئەو ڕژێمە داگیرکەرە هەڵمەتی لەناوبردنی کوردی دا، بە تایبەتی لە سنووری شاری بەغدا و باشووری شاری کەرکووک و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێراق و ئێران، ئامانجیان کوردە فەیلییەکان بوو، هەم لەبەر ئەوەی بە هۆکاری سەرەکی کوردبوونیان و هەم شیعەبوونیان وەک مەزهەب بەپێی پرۆسەی بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانەی کە کورد خاوەنی ڕەسەنین و لە سەری دەژین.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لەلایەن ڕژێمی فاشیستی ئێراقی داگیرکەرەوە گەورەترین پیلان و پیلانگێڕی بۆ سەرکوتکردنی کوردە فەیلییەکان کرا، لە ساڵی ١٩٨٠ بە بڕیارێکی دەوڵەتی ئێراقی بە بیانووی ئەوەی کە کوردە فەیلییەکان هاووڵاتی ئێرانین، پرۆسەی ئەنفال، کوشتن و بڕین و ڕاگواستنیان بەسەردا سەپێنرا و کۆمەڵکوژ و زیندەبەچاڵکران، بە هەزاران ژن و پیاو و پیر و منداڵیان بە دڕندانەترین شێوە قەتڵوعام و بێ سەروشوێن کرد، بە هەزارانی دیکەشیان بۆ سەرسنوورەکانی دەوڵەتی ئێران گواستەوە و دەربەدەرکران و زۆریشیان بێ سەروشوێن کران، تا ئێستایش چارەنووسیان دیار نییە. جگە لەو زیانە مرۆییەی کە کوردە فەیلییەکان دووچاری هاتن، موڵک و ماڵیشیان بە تالان برا و دران بە خەڵکی عەرەبی ناوچەکە، ئەوانەی کە مابوونەوەش لە هەموو مافەکانیان بێ بەش کران و لە کارەکانیان دەرکران و لە ژیاندا سەرگەردان کران و بە کولەمەرگی ژیانیان بردەسەر. ئەو کارەسات و کۆستە گەورەیەی دژ بە گەلەکەمان کرا، کوردانی فەیلی دیسان بەبیر دێنینەوە و سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دڕندانەیە دادەنەوێنین، داوای مافەکانیان لە ئێراق و کوردستان و سەکۆ نێودەوڵەتییەکان بە ڕەوا دەزانین و لە پێناویدا هەوڵ و خەبات و تێکۆشان دەکەین.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەوە ١٧ ساڵە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و شۆڤینی عەرەبی لە ئێراق ڕووخاوە و لە جیاتی ئەو دەوڵەتێکی فیدراڵی فرە پێکهاتە دامەزراوە، باشووری کوردستانیش ٢٩ ساڵە لە قەوارەیەکی سەربەخۆ و ئازاددایە، کەچی بە داخەوە هێشتاش ئەو کۆمەڵکوژییەی کوردە فەیلییەکان بە کەیسێکی هەڵواسراوی چارەسەرنەکراو ماوەتەوە. داواکردنی مافە مرۆیی و ماددییەکانی خەڵکانی کوردی فەیلی زوڵم لێ

کراو هەر بەردەوامە و بە فەرمی پێناسەیەکی نەتەوەیی، نیشتمانی و مرۆیی لە هەردوو دەستووری ئێراق و کوردستاندا بۆ دانەنراوە، بۆ ئەوەی ببێت بە پشتیوان و پاڵپشت تا بە مافەکانیان شادبن و قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بکرێنەوە.

## ڕاسپاردەکان

داوا لەپەرلەمانی کوردستان و هەردوو حکومەتی هەرێم و فیدراڵی دەکەین، بەتایبەت نوێنەرانیان خەبات بۆ ئەوە بکەن کە بەزووترین کات کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکان لە ناوەوەی ئێراق و کوردستان و سەکۆکانی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی دژ بە مرۆڤایەتی و سیاسییانەی دژ بە خەڵکی کورد بناسێنرێت. وەک کەیسەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، کەیسی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکانیش بایەخی پێ بدرێت و لە هەوڵ و تێکۆشانی جیددیدا بن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی زیان لێ کەوتووان و قەرەبووکردنەوەیان. بۆ دڵنیابوونی کەسوکاری کوردە فەیلییەکان، کاری جیددی و پراکتیکی بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی بێ سەر و شوێنکراوانیان بکرێت.

داوا لە حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکرێت کە هۆبەیەکی تایبەت بە کەیسی کۆمەڵکوژی و شەهیدانی فەیلی لە لیژنەی شەهید و ئەنفالی پەرلەمان و لە وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان دابمەزرێت و کارا بکرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر کورد و بەتایبەتی کوردە فەیلییەکان هاتووە، پێویست دەکات وەک خۆیان ئامادەیان پێ داوە کار بۆ پاراستنیان بکرێت، لە بەرانبەر عەرەبە فاشیستەکان، بەتایبەت میلیشیا شیعەکان، تا بتوانن لە یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی گەلی کورد لە ئێراق بەشداربن.

هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە باڵاکانی لەگەڵ بەغدا ئاوڕی جیددی لە پاراستنی ئەو کوردانەی بەغدا و ناوچەکانی تری ئێراق بدەنەوە تا چیدی تووشی ماڵوێرانی و کوشتار نەبنەوە، کۆمەڵکوژی کوردانی فەیلی برینێکی سارێژنەکراوی نەتەوەیی گەلی کوردە.

ئەگەر بە کۆتا وەرگرتنیش بێت، هەوڵ بدرێت لە هەردوو پەرلەمانی بەغدا و هەرێمدا کورسی نوێنەری کوردە فەیلییەکان وەک پەرلەمانتار مسۆگەربکرێت.

## ئەنجام

بە پشت بەستن بە پۆلێنکردنەکانی کتێبی مێژوویی (شەرەف نامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی، بە ڕاوەستانیش لە وێستگە مێژووییەکاندا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نازناوی "فەیلی"، بۆ کورد سەرچاوەی ڕەسەنایەتی و چاونەترسی و ئازایەتییە، لە سەردەمی ڕووخانی حکومەتی "کاردۆنیا"وە تا ساتەوەختی ئەمڕۆ، لە پێناو بەرگری و پاراستنی کولتوور و زمان و ناسنامە و خاک و مانەوە، هەروەک ئەمە نازناوە بۆ هەموو بەش و پێکهاتەکانی تری کوردیش ڕەوا و دروستە، کە هەمیشە لە بەرگری سەخت و پڕ قوربانیدا بووە لە پێناوی پارێزگاری لە خۆی و مانەوە و ژیاندا لە بەرانبەر پەلاماردان و هێرشەکان بۆ سەری نەچەمینەوە، "فەیلی" لە زاراوەی "لوڕ و کەڵوڕ" پێکدێت، کە زاراوەی "لوڕ، کەڵوڕ، کرمانج، گۆران- زازاکی" نەتەوەی کورد پێکدێنن و هاوکات "لەک و لوڕ و کەڵوڕ" نوێنەرایەتی نزیک لە نیوەی نەتەوەی کورد دەکەن و بەشداری کارایان لە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا هەبووە، هەر لە شاعیر، نووسەر و زمانزانەوە تا بواری هونەر وەک گۆرانیبێژ، موزسیۆن و بواری نواندن و شانۆ و وەرزش و تێکڕای بوارەکانی ژیانی مەدەنیانە لە ئێراق هەبووە و بەشدارییان کردووە.

دۆزی کوردی فەیلی وەک پرسی بەشێک لە نەتەوەی کورد و مەزهەبی شیعە، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسییە دوورودرێژەی نێوان "دەوڵەتی عوسمانی تورک و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی"، کە هۆکار و ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکەیان لە نێوان "هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا"، هەروەک زۆر لە شیعەکانی ئێراق بە دواکەوتەی "ئێران" ناونووس کران، کە لە ناویاندا کوردە فەیلییەکان پشکی شێریان بەرکەوت و هەر لە سەرەتای دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە لەگەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای ئێراق جیاکرانەوە.

## پوختەی توێژینەوە

فەیلییەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی نەتەوەی کوردن، لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، یەکەم گرووپی ئیتنیکی کوردیشن لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێراقەوە دووچاری کۆمەڵکوژی و

ڕاگـــواستن هاتوون، وێڕای ئەوەی کــە زمـــانەکـــەیان دیالێکتێکی کـوردییـە هاوکـات فـەیلییـەکـان خاوەنی دابونەریتی ڕەســـەن و فــــەرهەنگ و ئەدەبی زارەکی خۆیانن، لە ڕووی زمانەوە زاری "فەیلی سەر بە بن زاری کوردی باشوور پێکهاتووە، کە وەک زاراوەکانی "لەک و لور، کەڵوڕ، کرمانج، گۆران" کە نەتەوەی کورد پێکدێنن، بە پشـتبـەستن بە پۆلێنکردنەکـانی کـتـیبی مـێـژوویی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسی زماناسان پێیان وایە کە زاراوەی فەیلی لە بنەڕەتدا بە کۆمەڵێک هۆزی لوڕی نیشتەجێی کێوەکانی (پێشکۆ، پشتکۆ)ی زنجیرە چیـای زاگرۆسن دەگـوترێت، بەڵام ئەم بۆچوونە زانسـتی نییـە، تەنیـا لەبەر ئەوەیە کـە فـەیلییـەکـان لە ڕووی کـارگـێـڕییـەوە سـەر بە هەرێمی لوڕسـتـان بوون، واتە بۆ خۆیان لوڕ نین، بەڵکو دیالێکتێکی کوردی باشوورن، کە لە ناوەڕاست و باشووری ئێراق لە ناوچەکانی (مەندەلی، زرباتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکووک، بەغدا، کـــوت، عـــەمـــارە و بەســـرە) ژیاون، لە لایەن چەند کەسانێکی ڕۆژهەڵاتناسی وەک (ڤلادیمێر مینۆرسکی)ی ڕووسی و (جـۆن مـاڵکۆن)، هەروەها توێژەری کـوردی فەیلی(د.ئیسماعیل قوماندار) پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکـەن و بڕوایان وایە سـەرەتای دەرکـەوتنی زاراوەی (فەیلی) لەسەدەی شازدەم بووە، ئێسـتاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کوردانە بەکاردێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە بەر دەوڵەتی ئێراق کـەوتوون، لە ڕووی جـوگـرافـیـیـەوە نـاوچەکـانیـان بەشـێکیـان لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـانن لە دەڤـەرەکـانی (لوڕسـتـان و کـرماشـان و ئیـلام)ی سـەر بە ئێـران دەژین و بەشـێکی دیکەش لە باشـووری کـوردسـتـان لە ئێراق لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەن، کـوردی فـەیلی بە ئاییـنزا شـیـعـەن، بەشداری کارایان لە بوارەکـانی ئەدەب و زانست و ڕۆشنبـیـریدا هەبـووە، بە دەیان شـاعـیـر، نووسـەر و زمـانزان، لە بوارەیلی هونەر وەک گۆرانیبێژ، موزسیۆن و نواندن و شانۆ و وەرزش و تێکڕای بوارەکـانی ژیانی مـەدەنیـانە لە ئێـراق هەبووە و بەشدارییان کردووە، ناوە هەرە دیارەکانی ڕووناکبیرانی کـوردی فـەیلی وەک (د.کـامل حـەسـەن ئەلبـەسیـر، د، ئیـسمـاعـیل قومـاندار، د. عـەدنان عـودە عـەباس، داری سـاری، عـەباس بەدری، حـوسێن مـەردان، مـحـەمـەد بەدری)...تاد.


**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**- زهیر کاظم عبود - المسؤولیة القانونیة في قضیة الکرد الفیلیین- دار اراس للطباعة والنشر ٢٠٠٧.**

**- کاظم حبیب، محنة الاکراد الفیلیة في العراق.**

**- الاکراد الفیلیون، الانتماء المذهبي والهویة القومیة- عبدالکریم ابراهیم.**

**- مونا یاقو- الحمایة القانونیة للاقلیات- دراسة تطبیقیة علی واقع الأقلیات في العراق، دهوک، ٢٠١٩.**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**- عەباس سلێمان سمایل - لوڕستان لە مێژوودا، هەولێر، ٢٠١١، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.**

**- یەڤگینا ڤاسیلیڤیا- دابەشبوونی سیاسی کورد، ١٥١٤،١٩١٤- وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە د. ڕەشاد میران، هەولێر ٢٠١٨، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین.**

**- د.ئاورەحمانی حاجی مارف، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا، ١٩٧٤.**

**- ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک، کورتە باسێک سەبارەت بە زمانناسی کوردی و ڕێزمان، سمکۆ ئەبرام. (یونسکۆ- ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان).**

**- Zimani Kurdi interview with Amir Hassanpour**

**دیمانەیەک سەبارەت بە زمانی کوردی، یوتوپ**

**سەرچاوە فارسییەکان:**

**جنکینز، ریچارد (Richard Jenkins)، «پیی یر بوردیو»، ترجمه لیلا جوافشانی و حسن چاوشیان، چاپ اول، ١٣٨٥، نشر نی.**

**«-اپار و اندیشه پیر بوردیو بررسی می شود.». خبرگزاری مهر. بازبینی شده در ٣٥ فوریه، ٢٠٠٨.**

**برومبرژه، کریستین. پیر بوردیوی مردم شناس. . شب بوردیو،٥ اسفند ٨٦، ٣.**